https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2362.12

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# ڕۆڵـی زانـکۆ لە گەشــەپێدانی ناوچەییـدا
# توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری سۆران (زانکۆی سۆران بە نموونە)

پ. ی. د. میدیا ابراهیم فتاح ڕێبوار عزیز صالح

زانکۆی سۆران/ فاکەڵتیی ئاداب/ بەشی کۆمەڵناسی

media.fatah@soran.edu.iq ras630h@soc.soran.edu.iq

## پوختەی توێژینەوە

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە دەرخستنی ڕۆڵی زانکۆیە لە گەشەپێدانی ناوچەییدا لە بوارەکانی ئابووری و مرۆییەوە لە شاری سۆران. توێژینەوەکە بە میتۆدی تێکەڵ ئەنجامدراوە، بۆ کۆکردنەوەی داتا سوود لە ئامرازەکانی فۆڕمی استطلاعی، چاوپێکەوتنی نیمچەڕێکخراو، تێبینیکردن وەرگیراوە، سەرباری ئەوانەش توێژەر هەوڵیداوە داتای دەستی دوو کۆبکاتەوە و سوودیان لێ وەرگرێت. نموونەی بەکارهاتوو لە جۆری نموونەی نائەگەرییە و قەبارەکەی (٨) کەس بووە. لە ڕووی تیۆریشەوە، توێژینەوە پاڵپشتکراوە بە پێکهاتەی تیۆری نوێبوونەوە و تیۆری وابەستەیی. توێژینەوە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە زانکۆی سۆران پەیوەندیی بەهێزی بە گەشەپێدانی ناوچەییەوە هەیە. توانیویەتی ڕۆڵی گرنگ لە بوارەکانی بەهێزکردنی ئابووری و هەلی کار بۆ تاکەکان و بازاڕگەرمی و گەشەسەندنی ناوچەیی و بوارە زانستییەکان بە گشتی ببینێت، هەروەها زانکۆ توانیویەتی ڕۆڵی گرنگ لە بەهێزکردنی خود ڕۆشنبیری بۆ تاکەکان و گەشەپێدانی مرۆیی و پێگەیاندنی مامۆستاو کادری ناوچەیی و کاڵکردنەوەی وردە کلتووری ناوچەگەری و نەریتخوازی و لە یەکتر نزیککردنەوەی شێوەزارە جیاوازەکان بە نموونە سۆرانی و بادینی ببینێت.


**وشە کلیلییەکان:** ڕۆڵ، زانکۆ، گەشەپێدان، کۆمەڵگە.

## ڕۆڵـی زانـکۆ لە گەشــەپێدانی ناوچەییـدا

## توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری سۆران (زانکۆی سۆران بە نموونە)

### پێشەکی

پرسی پەروەردە و فێرکردن لە دێرزەمانەوە گرنگیی هەبووە و مرۆڤەکان بەردەوام بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان پەنایان بۆ بردووە، بە تایبەتی لە حاڵەتی ڕێکخستنی ژیان و دانانی پلان بۆی، ئینجا ئەم گرنگیدانەی مرۆڤەکان بە زانست و پەروەردە باکگراوندی مێژوویی هەیە، هەروەکو لە زۆرێک لە ئاینە ئاسمانییەکان و تەنانەت لە شارستانیەتی ئیسلامیش هەبووە (**نمور،١:٢٠١١**). دواتر لە مەجالی پەروەردە و زانستی پەروەردەی فێرکاریی زانکۆی، زانکۆ ڕۆڵی باڵا لە گەشەپێدانی کۆمەڵگە دەبینێت، بیرۆکە نوێیەکان و داهێنانی زانستی و فراوانکردنی عەقڵی تاکەکان و کرانەوەیان بە ڕووی ژیان و پێگەیاندنی هێزی کاری پێویست لە کۆمەڵگە لە تایبەتمەندیی دامەزراوەی زانکۆیین، دواتر هەموو ئەمانە بەیەکەوە گەشەسەندنی ئابووری و گۆڕانی کۆمەڵایەتی و گەشەپێدانی کۆمەڵگە لە سەرجەمی بوارەکان بە گشتی و بواری ئابووری بە تایبەتی لە کۆمەڵگەدا دەستەبەر دەکەن. کەواتە زانکۆ دەزگایەکی گرنگ و بگۆڕی کۆمەڵگە لە دۆخی دواکەوتوویی بۆ دۆخی گەشەسەندووە (Breznitz,2014:1). لەسەر بنەمای ئەم دەربڕینانەی سەروو، دەتوانین بڵێین گەشەپێدان کرداری گرنگیدان و گۆڕینی دۆخی هەنووکەی کۆمەڵگە و تاکەکانە بەهەموو بوارەکانیەوە بۆ دۆخێکی باشتر و شایانتر.

سەبارەت بە مێژووی زانکۆی سۆران، بە پێی نووسینەکانی **مستەفا (٤٤:٢٠١٩)** بۆ ساڵی ٢٠٠٩ دەگەڕێتەوە، واتە تا پێش ساڵی ٢٠٠٩ زانکۆی سۆران نەبووە و تەنها چەند کۆلێژێکی بە ناوەکانی: کۆلیژی یاسا و

کۆلیژی زمان و پەروەردەیی لە سۆران هەبوونە و ئەمانیش لە ڕووی ئیدارییەوە سەر بە زانکۆی سەلاحەدین بوونە. دواتر زانکۆی سۆران لە ٢٠٠٩ وە بڕیاری دامەزراندنی لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێم بە ژمارە **٢٧٩٤** ی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی ١٥ ی مانگی ئەیلوولی ٢٠٠٩ دەردەچێت، پاشان لە ڕێکەوتی ٢٩ی ئەیلوولی ٢٠٠٩ بە ژمارەی **٥٠٧/٥** ی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، زانکۆی سۆران بە ڕەسمی کرایەوە، بەم هەنگاوەی کرانەوەی زانکۆی سۆرانیش، سۆران بە گشتی خزمەتێکی زۆری لە تەواوی بوارەکانی کۆمەڵگە بەخۆوەبینی، بەمەش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زانکۆی سۆران بەشە زانستی و فاکەڵتییەکانی فراوان دەبن و ژمارەی مامۆستاکانی بە تێپەڕبوونی کات لە ڕێگەی پەرەدان بە خوێندنی باڵا بەرزدەبنەوە و دەستکەوتی زیاتری زانستیش بەدەستدەهێنێت، لێرەشدا بە شێوەیەکی گشتی سۆران لە زۆر لایەن و بە تایبەتیش لە لایەنی ئابووری و گۆڕانی کۆمەڵایەتی پێشکەوتن بەخۆیەوە دەبینێت.

بوژانەوە و گەشەسەندنی ناوچەیی بەکاریگەریی زانکۆیی و فاکتەرە جیهانییەکان و تەکنەلۆجیا و ڕاگەیاندنیشەوە دێتەبوونەوە، تەواوی فاکتەرەکان ڕۆڵیان لە گەشەپێدانی ناوچەیی بە گشتی هەیە، بەڵام زانکۆ جیاواز لەو فاکتەرانە کاریگەریی زۆر زیاتر لەسەر ئەم ناوچەیە دادەنێت، گەر بپرسین چۆن؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە بۆ نموونە تەواوی فاکتەرەکانی تری وەک: تەکنەلۆجیا و ڕاگەیاندن و بەجیهانیبوون کاریگەرییان ڕەنگە بە تەنها لەسەر لایەنێکی گەشەسەندن بە نموونە ئابووری بێت، هەرچی زانکۆیە ئەم کاریگەرییەی فرەڕەهەندە، تەواوی بوارەکانی کۆمەڵگە بە نموونە بواری سیاسی و ئاینی و کۆمەڵایەتی و دواجاریش ئابووری دەگرێتەوە، لە زانکۆ مەعریفە و پەروەردەیی ژیانکردن فێری تاکەکان دەکرێت، هەرچی پسپۆڕ و کادری بوارەکانە بە گشتی پەروەردەیی زانکۆی ڕۆڵی لە پێگەیاندنیان هەیە،

مامۆستا و پزیشک و ئەندازیار و پارێزەر و تەنانەت سەربازی وڵاتیش لە سلکی ئەمنیی زانکۆ دەیانخزێنێتە نێو کۆمەڵگە و دواتر خزمەت دەکەن، واتە زانکۆ لەیەک کاتدا هەم ڕۆڵی فێربوون (زانست) دەبینێت و هەمیش ڕۆڵی خودهۆشیاری و بەرزکردنەوەی مەودای بینینی ژیان لای تاکەکان دەبینێت، کەرتی زانکۆیی کەرتێکی گرنگ و هەستیارە، بە باشبوونی ئەم کەرتە کۆمەڵگە پێشدەکەوێت و گەشەسەندن لە تەواوی بوارەکانی کۆمەڵگە بەخۆیەوە دەبینێت. بە پێچەوانەوە، بە خراپبوونی کەرتی پەروەردە و پەروەردەی زانکۆیی بە تایبەتی ئەوە ئەم کۆمەڵگەیە زەنگی مەترسی لێدەدات و ئامادەیی ڕوودانی ڕووداوی نەخوازرا و وابەستەیی بە لایەنێک و داگیرکاری (Colonialism) دەبێتەوە.

هەرچی ئامانجی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە، گەڕانە بە دوای وەڵامی کاریگەری و ڕۆڵی زانکۆ لەسەر لایەنی ئابووری و خوێندنی ئێواران وەک میکانیزمێک بۆ گەشەپێدانی مرۆیی لە شاری سۆراندا، هەروەکو ڕوونە زانکۆ دەزگایەک و ناوەندێکی گرنگی هێنانەبوونی گۆڕانکارییە لە سەرجەمی بوارەکانی ژیان لە کۆمەڵگە، توێژینەوەکە پشتئەستورە بە بۆچوون و باسەکانی پێنج لە توێژینەوەکانی پێشوو ( Literature Review)، هاوکات تیۆری نوێبوونەوە (Modernization Theory) و تیۆری وابەستەیی (Dependency Theory)، چوارچێوەی بیرکردنەوەی تیۆریی توێژینەوە پێکدەهێنن، دواجاریش سەبارەت بە میتۆدی توێژینەوە، میتۆدی تێکەڵە و ئامرازەکانی کۆکردنەوەی داتای دەستی دوو و چاوپێکەوتنی نیمچە ڕێکخرا و فۆڕمی استطلاعی و تێبینیکردن بەکارهاتوون، لە تێبینکردن جۆری تێبینی بەبێ بەشداریی توێژەر بەکارهاتووە و توێژەر کارەکتەری سەرەکی و بەشدار نییە لەم نێوەندەدا، بەڵکو توێژەر بۆخۆی و لە دوورەوە لە ڕێگەی هەستی بینین و بیستنی تێبینییەکانی یاداشتدەکاتەوە و وەک زانیاری بۆ توێژینەوەکە دەیانخاتەڕوو.

سەبارەت بە نموونەی توێژینەوەش جۆری نموونەکە مەبەستدارە، واتە توێژەر بە مەبەست هەڵساوە بە هەڵبژاردنی کۆمەڵە کەسانێکی شارەزا لەو بوارە، دواجار داتاکانی بەدەستهاتوو لە بەشی پێنجەمی توێژینەوە شیکردنەوەیان بۆ دەکرێت و ئەنجامەکان دەخرێنەڕوو.

**گرفتی توێژینەوە:**

ئەگەرچی پەروەردە و فێرکردن ڕەگ و ڕیشەی قوڵی هەیە و بۆ سەردەمی یۆنانی کۆن و سەدەکانی ناوەڕاست و ڕێنسانس دەگەڕێتەوە، ئەو کاتانەی مرۆڤ بۆ ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتیی خۆیی پەنای بردۆتە بەر پەروەردە و فێربوون، بەڵام دواتر ئەم پەروەردە و فێربوونە بە تێپەڕبوونی کات فۆڕمی جیاواز وەردەگرێت، کە هەنگاوی یەکەمی لە دوای پەروەردە و فێربوونی سەرەتایی خۆی لە هاتنەئارای قوتابخانەکاندا بینییەوە، کەچی لە کاتی فراوانبوونی شارەکان و زۆربوونی پیشەسازی و هاتنەئارایی بازرگانیی جۆراوجۆر لە پێویستیی هەرە سەرەکیی کۆمەڵگە بە تایبەتتر لە سەدەکانی ناوەڕاست دروستبوونی زانکۆکان بوون. بەمەش یەکەم دامەزراوەی زانکۆیی لە وڵاتی ئیتاليا بە ناوی بولونی لە سەدەی دوانزەدا هاتەبوون، لەدوای ئەمانیش و لەهەمان سەدە زانکۆی پاریس و ئۆکسفۆرد دامەزران **(مێهرئارا،زادەگان و فەر،٢٠٠٥: ٨٥-٨٦).**

مرۆڤ لەگەڵ هاتنی بۆ ژیان و ڕێکخستنی شێوەژیانی هەمیشە پێویستی بە زانست و زانیاری بووە، بۆیە بە ڕێگە و پلانی جیاواز لە هەوڵی بەدەستخستنی زانستدا بووە، بێگومان دۆزینەوەی زانستیش کات و تێچووی پێویست بووە، لێرەدا زانکۆ دەبێتە سەرمەشقی کردنەوەی گرێکوێرەکان و ڕزگاربوون لە خورافە و نەزانین و داهێنانی بەردەوامی زانستی و بەرەوپێشوەبردنی کۆمەڵگە، کۆکردنەوەی کۆمەڵە خوێندکارێک

که هەریەکەیان لە شوێن و کلتووری جیاوازەوە هاتوون لە شوێنێکی تایبەت و خوێندن و لێکۆڵینەوەکردن لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە گشتی و زانست بە تایبەتی لە تایبەتمەندییەکانی دامەزراوەی زانکۆیین، چونکە باوەڕوایە زانکۆ وەک ناوەندێکی ئەکادیمی و مەعریفی ڕۆڵێکی گرنگ لە کۆمەڵگادا بگێڕێت بە تایبەتی لە لایەنی بەرەوپێشوەبردنی ئەم کۆمەڵگەیە لە سەرجەمی سێکتەرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بە گشتی و سێکتەری ئابووری بە تایبەتی (Geoffrey and Lucas,2008:3-6).

پەیوەندیی زانکۆ بە گەشەپێدانی ناوچەیی بۆچوونی جیاوازی لەسەرە، بە گشتی بۆچوونەکان بەسەر دوو باڵدا دابەشدەبن؛ بۆچوونی یەکەم و زۆرینەی ڕێژە باوەڕیان وایە زانکۆ وەک ناوەندێکی گرنگ و ئەکادیمی ڕۆڵی بەرچاوی لە هاتنەئارای گۆڕانیی کۆمەڵایەتی و بەرەوپێشوەچوونی کۆمەڵگە هەیە، بۆ نموونە perry and wiewel(2008:6-14) باوەڕیان وایە دەبێت زانکۆ ڕۆڵی لە پێگەیاندنی تاکی سەرکردەی و پێشخستنی کۆمەڵگە و بوژانەوەی کلتووری و کۆمەڵایەتی و ناوچەیی هەبێت، بە تایبەتی بوژانەوەی ئابووری و پیشەسازی و خانووبەرە لەم ناوچەیەدا. لە لایەکی ترەوە، cloete and his friends(2011:23) ئەمانیش هاوڕان زانکۆ ڕۆڵی گرنگ لە بوژانەوە و پێشخستنی کۆمەڵگە دەبینێت، بگرە ئەمان زانکۆ بە داینەمۆی ئابووری و گۆڕانکارییەکان لە کۆمەڵگە دادەنێن. لە بەرانبەردا، بۆچوونی جیاواز دەبینرێن و زانکۆ لە کوردستان بە چاوی هاتنەئارایی گۆڕانکاری بە گشتی نابینن، سەرەڕای بوونی خاڵی ئەرێنییان بەڵام ڕەشبینن بەرانبەر زانکۆکان، بۆ نموونە **سیوەیلی(٢٠٠٦: ٣٠-١٢ و ١٩٧)** باوەڕی وایە زانکۆکانی کوردستان بە بیری نەریتی و تەقلیدبوون تەنیونەتەوە و نایانەوێت گۆڕانکاری و پێشکەوتن بێننەئاراوە، زانست و مەعریفە لەنێو زانکۆکان بێگانەن و لاوازن، ئەمەش بە زۆری لەبەر وابەستەبوونیانە بە بیری حزبی، بۆیە باوەڕی وایە بۆ تێپەڕاندنی ئەم دۆخە چەقبەستووەی

زانکۆکان دەبێت زانکۆکان سەربەخۆ و بە پلانی تۆکمە دەربکەون و بەشداریی زانکۆ لە پێشکەوتنی کۆمەڵگە و دۆزینەوەی هەلی کار بۆ خوێندکاران لە پێشینەی کارەکانیان بێت. هەروەها **ڕەفیق (٢٠٢٠: ١٠٧ و ١٥٥)** هەمان بۆچوونی سیوەیلی سەبارەت بە لاوازیی ڕۆڵی زانکۆکان هەیە، بۆ نموونە دەڵێت زانکۆکانی کوردستان ئازادنین و لە ژێر هژموونی حزبیدان و ناتوانن گۆڕانکاری و پێشکەوتن بێننەئاراوە، هاوکات تیشک دەخاتە سەر ئەوەی خوێندن لە کوردستان تەنها بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامەیە و هیچ لێکەوتەیەکی تری نابێت، خوێندکار هەستدەکات دواڕۆژی ناڕوونە و دانامەزرێت، بەمەش کاری دەستناکەوێت، بۆیە بیرۆکەی پێشکەوتن و گۆڕانکاری و بوژانەوە لەسەر دەستی زانکۆ وەلاوەدەنێت. ئەم توێژینەوەیە بە دوای دەستخستنی وەڵامی ئەم پرسیاریەدایە: **ڕۆڵی زانکۆی سۆران چۆنە لەسەر گەشەپێدانی ناوچەییدا لە ڕووی ئابووری و گەشەپێدانی مرۆیی لە شاری سۆران؟**

### ئامانجی توێژینەوە

ئامانجی توێژینەوە بریتییە لە دەرخستن و پیشاندانی ڕۆڵ و پێگەی زانکۆ لەسەر گەشەپێدانی ناوچەیی لە شاری سۆران، واتە دەرخستی ڕۆڵی زانکۆیە لە گەشەپێدانی ناوچەیی لە ڕووی ئابووری و خوێندنی ئێواران وەک میکانیزمێک بۆ گەشەپێدانی مرۆیی.

### تیۆرەکانی توێژینەوە:

#### یەکەم/ تیۆری نوێبوونەوە (Modernization Theory):

تیۆری نوێبوونەوە مێژووی سەرهەڵدانی بۆ دەیەی ١٩٥٠، بە تایبەتی لە ساتەوەختی هەنگاونانی کۆمەڵگەکان بۆ بەمۆدێرنبوون دەگەڕێتەوە، لێرەدا گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەبێتە پێویستییەکی گرنگی کۆمەڵگەکان، واتە

بیرکردنەوە نەریتییەکان چیتر گرنگیی جارانیان نابێت، ئەمە لە کاتێکدایە پێشتر لە سەدەکانی ناوەڕاست لە ڕۆژئاوا بیرۆکەکانی گەشەسەندنی ئابووری زۆر هێواش و لەسەرخۆبوون، لە هەمان کاتدا بیرکردنەوە نەریتییەکان بەسەر کۆمەڵگەدا زاڵبوون، بەپێی بۆچوونەکانی ئەم تیۆرییە، گەورەترین بەربەستی بەردەم بەمۆدێرنبوون و گەشەسەندنی کۆمەڵگەکان بیرۆکە نەریتییەکانن، ئەم بیرۆکە نەریتییانە ڕێگری لە گەشەسەندن و پێشکەوتنی کۆمەڵگەکان دەکەن، یاخود وادەکەن پرۆسەی گەشەسەندن خاو و لەسەرخۆ بێت، بە تایبەتی گەشەسەندنە تەکنەلۆجییەکان (Macionis and Plummer,1998:306-308).

## دووەم/ تیۆری وابەستەیی (Dependency Theory):

ئەم تیۆریە لە ساڵی ١٩٦٠ بەولاوە، لەسەر دەستی کۆمەڵێک لە ڕەخنەگرانی بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵناسی لە وڵاتانی کەمداهات و هەژارنشینی وەک ئەمریکای لاتین و ئەفریقا، لە هەمان کاتیشدا وەک پەرچەکردارێک بۆ تیۆری نوێبوونەوە (Modernization) هاتەبوون. بنەما سەرەکییەکانی تیۆری وابەستەیی و تیۆری نوێبوونەوەش لە بیرۆکە سەرەکییەکانی سیستەمی سەرمایەداریی کارڵ مارکسەوە سەرهەڵدەدەن، دوای ئەوەی تیۆری نوێبوونەوە و گەشەسەندن بانگەشەی بوژانەوە و پێشکەوتنی تەواوی کۆمەڵگەکانی دەکرد، بەڵام ئەمە ڕاست دەرنەچوو، بە تایبەتی لە وڵاتانی جیهانی سێیەم، بەمەش ئابووری خراپ و دواکەوتوویی کۆمەڵگە و بەرگە نەگرتنی قەیرانە ئابوورییەکان و مانەوەی کۆمەڵگەکان لە شوێنی خۆیان و بەرزبوونەوەی بۆشایی پێشکەوتن لە نێوان وڵاتانی هەژار و دەوڵەمەند بە ڕێژەیەکی زۆر شکستی تیۆری نوێبوونەوە دووپاتدەکەنەوە، بۆیە تیۆری وابەستەیی بە پێویست دەزانرێت و شوێنی تیۆری نوێبوونەوە دەگرێتەوە.

ئەم تیۆریە گەنگەشەی ئەوە دەکات، هەژاری و گەشەنەسەندنی وڵاتانی کەمداهات، بە هۆکاری پرۆسەیەکە کە لە لایەن وڵاتانی پێشکەوتوو و دەوڵەمەند و خاوەن پیشەسازییەکی بەهێز بە ناوی پرۆسەی کۆلۆنیالیزم (Colonialism) پەیڕەودەکرێت، وڵاتانی داگیرکار سیاسەتی چەوساندنەوە و برسیکردن و هێشتنەوەی نەتەوە ژێردەستەکان بە دواکەوتوویی پەیڕەودەکەن، بێگومان ئەم داگیرکارییەش بە مەبەستی بردنی خیروبێری ئەم وڵاتە و سەرچاوە سروشتییەکانیتی، لە قۆناغەکانی دواتری پرۆسەی کۆلۆنیالیزم، ئەم وڵاتە پێشکەوتوو و داگیرکارانە دەست بە وەبەرهێنان و کردنەوەی کارگە لەم وڵاتە داگیرکراوە دەکەن، کە دووبارە لێرەش خەڵکەکەی ڕووبەڕووی زوڵم و ستەمی وەک حەقدەستیی کەم و کاتژمێری زۆر لە کارکردن دەبنەوە، بۆیە تا دێت خەڵکەکەی هەژار و هەژارتر دەبن. بە پێچەوانەوە، داگیرکار لەسەر حسابی ئەم وڵاتە هەژارنشینانە دەوڵەمەند و دەوڵەمەنتر دەبێ، لێرەشەوە خەڵکی ئەم وڵاتە کەمدەرامەت و هەژارنشینانە کە بە تەواوی کۆلۆنیاڵ کراون، ناچارن ڕێگەی قەرزکردن لەم وڵاتە داگیرکارانە بگرنە بەر، بەم هەنگاوەشیان دەکەونە ژێر باری قەرزێکی زۆر و ڕزگاربوون لێی مەحاڵە، بەمەش بە ناچاری دەبنە پاشکۆیی وڵاتانی داگیرکار و لە تەواوی بڕیار و یاساکانی کۆمەڵگەیان وابەستەی وڵاتی داگیرکار دەبن. هەڵگیرسانی شۆڕش و ڕەتکردنەوەیی گوێڕایەڵی بۆ داگیرکار و بڕیارەکانی ناوەند (سیاسەت و حکومەتی کۆلۆنیاڵکراو) بۆ ڕزگاربوون لەم دۆخەیان بە چارەسەری گونجاو دادەنرێن، تا ئەمانیش بەرە و جیهانی مۆدێرنیتە و گەشەسەندن هەنگاو بنێن ( Giddens and others,2006:210).

## میتۆدی توێژینەوە

میتۆدی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لە میتۆدی تێکەڵە، لەم توێژینەوەیە **(ڕۆڵی زانکۆ لە گەشەپێدانی ناوچەییدا)** کە توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەسەر زانکۆی سۆران، باوەڕمان وابووە بۆ گەیشتن بە ئەنجام و زانیاریی قووڵ لەسەر بابەتی توێژینەوە بەوەی ئایا زانکۆی سۆران چەندە ڕۆڵی لەسەر بوارەکانی ئابووری و کلتووری و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و گەشەپێدانی مرۆیی لە شاری سۆراندا هەبووە؟ ئەوە پێوست بە بەکارهێنانی میتۆدی تێکەڵە (Mixed method) دەکات، ئەو میتۆدەی هەردووک جۆری میتۆد لە **چەندی و چۆنی** لەخۆدەگرێت، بە واتای ئەوەی توێژینەوەکە هەردووک ئاراستەی وشەیی و ژمارەیی دەگرێتەئەستۆ، ئەمەش بۆ سروشتی بابەتەکەمان دەگەڕێتەوە، واتە هەم ئاماری ژمارەیی زانکۆی سۆران لە ڕووی ژمارەی پڕۆژە و فاکەڵتی و مامۆستایان و فەرمانبەرانی زانکۆ وەرگیراون، هەمیش لە ڕووی شیکردنەوەی ڕۆڵی زانکۆی سۆران لە کۆمەڵگە لەسەر دەستی کەسانی شارەزا زانیاری وەرگیراون. ئەو میتۆدە توانای چارەسەرکردنی کێشەکانی بە بەراورد بە میتۆدی چەندی یان چۆنی بەتەنها لە ئاستێکی زۆر بەرزتردایە، لەم جۆرەی میتۆد (میتۆدی تێکەڵە) تێکهەڵکێشی لە نێوان میتۆدی چەندی و چۆنی دەکرێت (Jason and Glenwick,2016:236).

هەرچی کۆمەڵگەی توێژینەوەیە، بریتییە لە **شاری سۆران** بە دەوروبەریەوە، نموونەی بەکارهاتووش لە جۆری **مەبەستدارە**، لەم جۆرەی نموونەیەدا توێژەر بە مەبەست کۆمەڵە کەسانێک بۆ توێژینەوەکەی هەڵدەبژێرێت، بە ئامانجی ئەوەی کە ئەم کەسە یاخود کۆمەڵە کەسە بتوانن وەڵامی پرسیارەکانی توێژینەوەکەی بدەنەوە، ئەمەش لەسەر بنەمای زیرەکی و شارەزایی ئەم کەسانە لە پسپۆڕی بوارێکەوە دەبێت **(ئەبراش،٢٠١٣ :٣٩٣-٣٩٤)**. سەبارەت بە قەبارەی

توێژینەوە، توێژینەوە لە ٨ کەس پێکهاتووە، کە بەم شێوەیەن: ٤ کەسیان لە پسپۆڕی جیاواز و مامۆستای زانکۆن، **دووانیشیان** توێژەری کۆمەڵایەتین و **دانەیەکیشیان** ئەندازیاری پڕۆژە و ڕێگاوبانەکانی زانکۆیە، لەگەڵ **بەشداربووێک** وەک نموونەی سوودوەرگر لە خوێندنی ئێواران.

**ئامرازەکانی کۆکردنەوەی داتا** بریتین لە: چاوپێکەوتنی نیمچەڕێکخرا و فۆڕمی استطلاعی و تێبینیکردن. چاوپێکەوتن بریتییە لە ئامرازێکی گرنگی کۆکردنەوەی داتا لەسەر باسێک، زۆر جار ئەم چاوپێکەوتنە لە نێوان دوو کەس یان زیاتردا دەکرێتن، پرسیارەکان یان بە ئامادەکراوی ئاراستەی لێتوێژراو دەکرێت یان بە کرانەوەی باسەکان دەستپێدەکرێت واتە ئۆپن، کەواتە چاوپێکەوتنی ڕێکخراو و ناڕێکخراو هەروەها نیمچەڕێکخراو هەن، دەکرێ چاوپێکەوتن ڕووبەڕوو یان بە شێوەی پەیوەندیی تەلەفۆنی ئەنجامبدرێت، توێژەر هەوڵی تەواوی خۆی بۆ دەستەبەرکردنی بۆچوون و زانیارییەکانی لێتوێژراو لەسەر باسەکەی خۆی دەدات (Kumar,2011:144). هەرچی فۆڕمی استطلاعیە، ئەم جۆرە لە ڕاپرسی، یاخود دۆزینەوە بەکاردەهێنرێت بۆ دڵنیابوون لە ڕاستی و دروستیی تەوەرە و بابەتە لەبیرکراوەکانی پەیوەست بە خودی توێژینەوە. دواجاریش تێبینیکردن بەکارهاتووە، کە بریتییە لە ئامرازێکی گرنگ بۆ کۆکردنەوەی زانیاری، ئەم ئامرازە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە بوارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە سوودی لێدەبینرێت، هاوشێوەی چاوپێکەوتن و فۆڕمی ڕاپرسی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری ڕۆڵی هەیە، هەریەکە لە توانای توێژەر بۆ تێبینیکردنی ڕووداو و کێشەکان و زیرەکی و ئارامگرتنی توێژەر بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی دەوڵەمەند لە تایبەتمەندیی ئامرازی تێبینیکردنن **(عبدالمؤمن، ٢٠٠٨: ٢٢٥–٢٣٠)**.

**شیکردنەوەی داتاکان**

**تەوەرەی یەکەم/ ڕۆڵی زانکۆ لە گەشەپێدانی ئابووریدا:**

ئەم تەوەرەیە تیشک دەخاتە سەر لایەنی ماددیی شتەکان، واتە لایەنی پارە و قازانج و دەستکەوت، جا لایەنی ئابووریی هەر شتێکە کە پەیوەستە بە ئابووری و گەشە و پێشکەوتنی کۆمەڵگە و تەواوی ڕەگەزەکانی ئابووری لە ژێر کاریگەریی دامەزراوەی زانکۆیی. ئامانجی سەرەکیی زانکۆکان پێگەیاندنی تاک و خود ڕۆشنبیرکردنیانە، لە زانکۆ تاکەکان کەسایەتیی خۆیان دەدۆزنەوە و لە ڕاستییەکانی ژیان تێدەگەن، لە ئەنجامی خوێندن و فێربوونی مەعریفەی زانکۆیی تاکێکی بیرڕۆشن و ڕەخنەگر دێتەبوون و بەشداری لە بنیاتنانەوە و پێشخستنی کۆمەڵگە و دەستکەوتی ئابووری دەکات (Arthur and Bohlin,2005:1). بە هۆکاری کرانەوەی بیر و ڕۆشنبیربوونی تاک لە زانکۆ و خوێندنی مەعریفە لە سەرجەمی بوارەکانی کۆمەڵگە بە گشتی لەم ناوەندە ئەکادیمییەدا، چاوەڕێ دەکرێت کۆمەڵگە بەرەو بوژانەوە و گەشەسەندن هەنگاو بنێت، زانکۆکان بە داینەمۆی کەرتی ئابووری و گەشەپێدانی کۆمەڵگە دادەنرێن، گۆڕانی کۆمەڵایەتی بە بوونی زانکۆ و خوێندنی زانکۆیی ڕوودەدات، لە زانکۆ پیشە و پسپۆڕیی جیاواز دەخوێنرێن کە ڕاستەوخۆ بە گەشەسەندن یان دواکەوتنی کۆمەڵگەوە پەیوەستن، کەرتەکانی بەرهەمهێنان و پیشەسازی بە تەواوی ڕەگەزەکانیانەوە لەسەر دەستی زانکۆ دەبوژێنەوە و پێشدەکەون، وڵاتانی پێشکەوتوو زۆر گرنگی بە دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا و زانکۆیی دەدەن، باوەڕیان وایە زانکۆ ڕۆڵێکی یەکجار مەزن لە بوژانەوە و پێشخستنی کۆمەڵگە بە تایبەتی لە لایەنی ئابووری و کەرتی پیشەسازیدا دەبینێت، تەواوی زانستەکان لە زانکۆ پەرەیان پێدەدرێت و فێری تاک دەکرێن، کە دواتر بەم زانست و مەعریفەیە کۆمەڵگە لە ئاستێکی زۆر گەشەسەندوو خۆی دەبینێتەوە،

بێگومان کە کۆمەڵگەیەک لەم ئاستەی گەشەسەندن و بوژانەوەدا بوو، ئیتر سنوورەکان بە ڕووی هاتنەئارایی بازرگانی و پیشەسازی و بازاڕ و هەلی کاری تاکەکان لەم کۆمەڵگەیەدا دەکرێنەوە ( Johnstone and lane,2012:1-2).

لە ئەنجامی چاوپێکەوتن کردن لەگەڵ کۆمەڵێک لە کەسانی شارەزا لە بواری ئابووری و توێژەر و مامۆستایانی زانکۆ و کەسانی کاسبکاری ئاسایی و خاوەن پیشەی بچووک، ئەوە کۆمەڵێک بۆچوونی وەک یەک و جیاوازی بەشداربوان سەبارەت بە ڕۆڵی زانکۆ و تەوەرەی ئابووری و گەشەسەندنی کۆمەڵگە بەردەست بوون. بۆ نموونە بەشداربووی **شەشەم** دەڵێت ***"زانکۆ شوێنێکی ئەکادیمی و زانستی و بەسیستەمکراوە بۆ پێگەیاندنی تاکەکان لە بازاڕی کاردا، هەروەها ئەم تاکانە لە ڕووی زانستیشەوە پڕ زانستبن بەپێی ئەو هەموو بنەما و پێوەرانەی کەوا گرنگن بۆ هەر کار و پیشە و پسپۆڕییەک".*** وەک چۆن لەم بارەیەوە نووسەر **صابر (١٠:٢٠٠٧)** دەڵێت: زانکۆ ڕۆڵی مەزن لە هێنانەئارایی گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەبینێت، تاک لە دامەزراوەیەکی گرنگی وەک زانکۆ پێدەگات بە جۆرێک ئەم تاکە تاکێکی بەرهەمدار هەم بۆ خۆی هەمیش بۆ کۆمەڵگەکەی دەبێت، واتە زانکۆ تاکێکی بەرهەمدار بە زانست و مەعریفە و پسپۆڕیی جیاواز لە بازاڕی کار ئامادە دەکات، بە جۆرێک ئەم تاکە توانای بەرهەمهێنانی لە کۆمەڵگە لە ئاستێکی بەرزدا بێت. هەروەها بەشداربووی **یەکەمیش** باوەڕی وایە زانکۆ ڕۆڵی مەزن لە هەلی کار و بوژانەوە و گەشەپێدانی کۆمەڵگە و بەرزکردنەوەی لایەنی زانستی دەبینێت، لە هەمان کاتدا زانکۆ جیاوازییە جێندەرییەکان کەمدەکاتەوە و دەرفەتی زیاتر بۆ ژنان لە بازاڕی کاردا دەڕەخسێنێت، هەروەکو دەڵێت" ***دونیایەکی تری زانکۆش پەیوەستە بە مەسەلەی فێرکردن و تەعلیمی، بۆ نموونە ئەوەی کە دەبێتە پزیشک لە وڵات لە زانکۆ دەردەچێت، ئەوەی کە دەبێتە مامۆستا و ئەندازیار و یاساناس هەموو ئەمانە لە زانکۆوە***

***فێردەبن و دواتر وڵات بەڕێوە دەبەن، کە بێگومان مەبەست لە پێگەیاندنی تاکەکان لە زانکۆ هەردوو ڕەگەزی نێر و مێیە بە تایبەتی ژنان کە هاوشانی پیاوانن لە زانکۆ دەردەچن و خزمەت بە کۆمەڵگە دەکەن".*** ئەوە زانکۆیە هەلی کار بۆ تاکەکانی بە گشتی و ژنان بە تایبەتی فەراهەمدەکات، هەروەها دەرگا بۆ ژنان واڵادەکات تاوەکو هاوشانی پیاوان لە بوارەکانی پارێزەری و پزیشکی و مامۆستای و ئەندازیاری و توێژەری لە کۆمەڵگە خزمەت بکەن **(أحمد،٢٠٠٦: ٢٠٢)**. دووبارە بەشداربووی **یەکەم** دەدوێت و دەڵێت" ***لە ناحیەی ئابووری ئەگەر تەماشا بکەی خۆ پێشتر ئەو شوێنەی ئێستا زانکۆی سۆرانی لێیە مەعەسکەر بووە و گوندێکیشی لێبووە، بەڵام فەرموو لە ڕووی زەوی و زار و لە ڕووی بازاڕ و هەلی کار و دروستکردنی باڵەخانە و دووکان و مارکێت و ئەو شتانە چی بەسەرهاتووە؟ لەبەر ئەوەی خەڵکی بیانی زۆر هاتیتە ئێرە، بۆ نموونە هەموو ساڵێک زانکۆی سۆران سەرووی هەزار قوتابی وەردەگرێت، ئێ ئەو هەزار کەسە کە دێتە سۆران ئەوە لە ڕووی ئابوورییەوە تاڕادەیەک دەوری هەیە لەسەر گەشەسەندن".*** کەواتە ئەم بەشداربووە کاریگەریی زانکۆ لە بوژانەوە و گەشەسەندنی کۆمەڵگە بەرزدەنرخێنێت، هەروەکو پێشتر ئاماژەمانپێدا لە پاڵ پێگەیادنی کادر لە پسپۆڕی جیاواز، ئەوا زانکۆ هەلی کاریش بۆ خەڵکی ئەم ناوچەیە دەڕەخسێنێت، بە تایبەتی بۆ پیشە بچووکەکانی وەکو سەرتاشخانە و ئارایشگای ژنان و خاوەن پەڕاوگە و سایەق تەکسی و مارکێت و مینی مارکێتەکان و یاریگا بچووک و چیمەنە دەستکردەکان و هۆڵەکانی وەرزشی و چێشتخانەکان و چەندان پیشەیی تر... لەپاڵ ئەمانەدا باوەڕی وایە دەبێت حکومەت بە پلانەوە کارەکانی ڕاییبکات و زۆریی وەرگرتنی خوێندکار لە ناوەندەکانی خوێندن کەمبکاتەوە و فلتەر لە پۆلی شەشەمی ئامادەیی دابنێت و هەموو کەس مافی هاتنە زانکۆی با نەبێت، بەڵکو ئەوانە بێن کە ئاستیان بەرزە و ئەوانی تریش بۆ پەیمانگە پیشەیی و

بازرگانییەکان بنێردرێن، ئەوانەشی کە لە زانکۆ دەردەچن کاریان بۆ بدۆزێتەوە و لە داهاتوو بێکار نەبن.

بەشداربووی **سێیەم** باوەڕیوایە؛ بوونی زانکۆ لە شوێنەک یاخود کۆمەڵگەیەک دەبتە هۆکاری گەشەسەندن و بوژانەوە لەم کۆمەڵگەیە، هەلی کار دێتەبوون و تاکەکان بەکاردەکەون، خەڵکان بیر لە پڕۆژە و وەبەرهێنان لەم ناوچەیە دەکەنەوە، بازاڕ و بوژانەوە و گۆڕانی کۆمەڵایەتی ڕوو لەم ناوچەیە دەکەن کە پێش هاتنی زانکۆ ئەم شتانە نەبوونە، هەروەکو لەمبارەیەوە دەڵێت" ***بە هاتنی زانکۆی سۆران شاری سۆران لە زۆر ڕووەوە گۆڕانی بەسەرداهات و بە تایبەتی تریش لە ڕووی ئابوورییەوە گەشەیەکی باشی بەخۆیەوە بینیوە، یەعنی خەڵک ئێستا بیر لەوە دەکاتەوە چێشتخانە و بینایەی بەرز و سەرنجڕاکێش و شوێنی گەشتیاری زۆر لەم شارە بکاتەوە.*** وەستانی کار و بازاڕی هەندێک خەڵک لە پشووی زانکۆی یاخود هاوینە بەوەی کە قوتابییان و مامۆستایان بە گشتی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو پشوو وەردەگرن، ئەوە دەردەخات کە بەڵێ زانکۆ ڕۆڵی بالای لە گەشەپێدان لەم ناوچەیەدا هەیە، بۆ نموونە دووکانی سەرتاشی و پەڕاوگە و چێشتخانەکان، *ئەمانەش گوتەی بەشداربووی* ***چوارەمن*** *و وەک چۆن دەڵێت"* ***بێگومان زانکۆی سۆران کاریگەری هەبووە، بۆ نموونە هەر لە ناو دێلزیان ئەو دووکان و خانووانە رەواجیان پەیدابووە و بەرزبوونەتەوە، و دووکان هەیە لە سێ مانگی هاوین کە دەوامی زانکۆ نییە قەپاتدەکرێت کە ئەمە دەرخەری ئەوەیە کە زانکۆ لە ڕووی ئابوورییەوە ڕۆڵێکی زۆر باش و کاریگەری هەیە.*** بەشداربوویەک لە پێشدا بوونی زانکۆ و دواتریش سەربەخۆیی ئیداری بۆ زانکۆکە لە گەشەسەندنی کۆمەڵگەیەک بە گرنگ دەزانێت، هەروەکو پێیوایە ئەگەر زانکۆی سۆران نەبا کۆمەڵە پڕۆژەیەکی گرنگ لە سۆران کە بووینە هۆکاری پێشوەبردنی شاری سۆران نەدەبوون، بە نموونە جووت سایدی سۆران/ دێلزیان کە سیمایەکی جوانی بە شار

بەخشیوە، هەروەها لۆد و جەنجاڵیی زۆریشی کەمکردۆتەوە، هەروەکو ڕوونە پێشتر زانکۆی سۆران نەبووە بەڵکو چەند بەشێکی سنوورداری چەند کۆلیژێکی هەبووە کە ئەمانیش سەربە زانکۆی سەلاحەدین بوونە، بۆیە زانکۆی سۆران ڕۆڵی باڵای لەم نێوەندەدا هەبووە. هەر ئەم بەشداربووە گرنگیی زانکۆ بۆ دەوروبەریشی ڕووندەکاتەوە و باوەڕی وایە زانکۆ کاریگەریی لەسەر گەشەپێدان و بوژانەوەی ئەم ناوچەی هەیە، تەنانەت کاریگەریی لەسەر پێکهاتە و دامەزراوەکانی تریش هەیە، شاری ڕۆز کە لە تەنیشت زانکۆوە بنیادنراوە، پێش هاتنی زانکۆ دروستکرابوو، پێشتر کەس گرنگیپێنەدەدا و خەڵک تەنانەت بەکرێش ئامادەنەبوون بچنە ناویەوە گەر بشچوونایە کرێیەکەی یەکجار کەم بوو، بەڵام بە هاتنی زانکۆ ئەم شارە فۆڕمێکی تری ژیانکردن تیایدا وەردەگرێت هەروەکو دەڵێت" ***ڕۆز سیتی پێش هاتنی زانکۆ کەس بە کرێشی نەدەگرت نەک کڕین، بەڵام دوای هاتنی زانکۆ دەبینین ئەم شارە سیمایەکی جوانتری وەرگرت بەوەی کەوتە تەنیشت زانکۆ و هەر بە هۆکاری زانکۆ خەدەماتی زیاتری بۆ هات و نرخی خانوو و کرێشی زۆر چووە سەر هەروەها ئەگەر زانکۆ نەهاتبا ڕەنگە هەر تەواونەکرابان و بە نیوەیی بەجێهێڵرابا".***

بە گشتی بۆچوونی بەشداربووان لە بارەی کاریگەریی زانکۆ لە ڕووە ئابوورییەکەیەوە لە فۆڕمێکی ئەرێنیدا دەبینرێت، هەر لە درێژەی بۆچوونەکانیان سەبارەت بە کاریگەریی زانکۆ لەسەر ڕووە ئابوورییەکەی لە کۆمەڵگە بەشداربووان بۆچوونی وەک یەک و تا ئاستێک جیاواز لە یەکیان هەیە، **بۆ نموونە بەشداربووی یەکەم** لە بەشێکی تری باسەکانیدا بە ئیجابی وەسفی زانکۆ دەکات، بەوەی زانکۆ وەک دەزگایەکی ئەکادیمی و زانستی لە کۆمەڵگە توانیویەتی ڕۆڵ لە بوژانەوە و گەشەپێدانی کۆمەڵگە ببینێت، باس لە گۆڕانی کۆمەڵگە و بنیادنانی بینایە و خانووی زۆر و بەرزبوونەوەی نرخیان بە هۆکاری هاتنی زانکۆ بۆ سۆران دەکات، هاوکات لەگەڵ هێنانەئارایی هەلی کار و جووڵەی بازاڕ بۆ دانیشتوان و

کاسبکاران لە ڕێگەی زانکۆ و ئەنجامدانی خزمەتگوزاری، هەروەها نموونەی **حەوتەم** و ئەندازیار لە زانکۆی سۆران باس لەوە دەکات گەر زانکۆی سۆران نەبا ئەستەم بوو کۆمەڵە پڕۆژەیەک لە سۆران بکرێنەوە کە ڕۆڵیان لە بوژانەوەی شاری سۆران هەبووە، بە نموونە جووت سایدی دیڵزیان/ سۆران دەهێنێتەوە، هەروەکو ڕوونە کە پێشتر زانکۆی سۆران نەبوو تەنیا چەند بەشێکی هەبوون کە ئەمانیش سەر بە زانکۆی سەلاحەدین بوون.

لە بەرانبەردا، بۆچوونی تر هەن، کە پێچەوانەی ئەمان بیردەکەنەوە، لەگەڵ ئەوەی دەڵێن زانکۆ وەک هەر دامەزراوەیەکی تری ئاسایی تا ئاستێک بە گشتی ڕۆڵی لە کۆمەڵگە هەیە، بەڵام ئەم ڕۆڵانە بەتەنیا وابەستەی زانکۆ نین بەڵکو گەر هەر شتێکی تریش لە شوێنی زانکۆبا هەمان ڕۆڵی دەبوو، بۆ نموونە دەڵێن بە هەبوونی ناوەندە بازاڕێک یاخود مۆڵێک و کۆمپانیایەک لە شوێنی زانکۆ هەمان کاریگەریی زانکۆ بگرە زیاتریشیان دەبوو، و لێرەدا ڕۆڵی زانکۆ بە گرنگ نازانن ئەمە گوتەی بەشداربووانی **دووەم و شەشەمن**، داهاتی هەریەکە لە شنگلبانە و کۆڕەکی گەشتیاری زۆر زیاترە لە داهاتی زانکۆی سۆران، ئەمەش وتەی بەشداربووی **دووەمە**، بەڵام لە بەرانبەر ئەم بۆچوونانەیان بەشداربووی **پێنجەم** دەوەستێتەوە و هاوڕانییە لەگەڵیان بەوەی کە دەڵێن گەر زانکۆش نەبا هەرشتێکی تر با هەمان کاریگەریی دەبوو، ئەو دەڵێت گریمان لە ڕووە ماددیەکەیەوە وابوو هەمان کاریگەرییان هەبوو، ئەی لە ڕووە ڕۆشنبیری و هۆشیارییەکەیەوە چی؟ یاخود بوونی کۆمپانیایەک یان هەرشتێکی تر ڕەنگە کاریگەرییەکەی کاتی بێت، بەڵام زانکۆ وانییە و بۆ هەمیشەیە، ئەمە جگە لەوەی کە داهات و قازانجی ئەم پڕۆژانەی ئەوان دەیڵێن بۆ گیرفانی تاکێک دەچێ، بەڵام هی زانکۆ گشتییە و زۆربەی تاکەکان لێی سوودمەنددەبن. لەگەڵ ئەوەی بەشداربووان خاڵی ئەرێنیی زانکۆ دەخەنەڕوو لەهەمان کاتدا هەندێکیان چەند خاڵێکی نەرێنیی زانکۆش

باس دەکەن کە ڕاستەوخۆ بە کاریگەریی زانکۆ لە کۆمەڵگە و لە ڕووە ئابوورییەکەیەوە پەیوەستن، بۆ نموونە بەشداربووی **یەکەم** باس لە ڕێژەی زۆریی وەرگرتنی قوتابییان لە زانکۆ دەکات بەوەی زانکۆ دەبێت وەرگرتنی قوتابییان سنووردار و فلتەر بکات نەک ئەوە پەیڕەوبکات، کە دەڵێت هەموو کەس مافی خوێندنی هەیە، بەڵێ هەموو کەس ئەم مافەی هەیە، بەڵام دەبێت ئەم کەسەش هەندێک سکیڵ و بەهرەی هاتنە زانکۆی تێدابێت تا بتوانێت لە دوارۆژدا کە دەرچوو خزمەت بە کۆمەڵگە و وڵات بکات، بۆ ئەمەش بە باشی دەزانێت لە پۆلی شەشی ئامادەیی کە قوتابی دەرچوو فلتەر هەبێت لەلایەن دەسەڵات و وەزارەتی خوێندنی باڵا، بەوەی کەسانی شیاو بۆ هاتنی زانکۆ دەستنیشانبکات و ئەوانی تریش بۆ پەیمانگە پیشەیی و بازرگانییەکان بنێرێت، هەروەکو نووسەر **(وەڵزی،٢٠٠٧: ١٨٠)** هەمان بۆچوونی ئەم بەشداربووەی هەیە و دەڵێت پێویستە پەیمانگە پیشەیی و بازرگانییەکان چالاکبکرێن و لەوەها بارودۆخێکدا خوێندکار پێبگەیەن، بەمەش هەم نوخبەیەکی بەسوود دێتە زانکۆ هەمیش ئەمانی تر دەبن بە خاوەن پیشە و کاری خۆیان نەک چاویان لە دەسەڵات بێت تا دایانبمەزرێنێت. لێرەدا ئەم بەشداربووە **(یەکەم)** زانکۆ و لایەنی پەیوەندیدار بە کەمتەرخەم و هۆکاری بێئیشکردنی تاکەکان دەزانێت بەوەی بە لێشاو قوتابی لە زانکۆ وەردەگرن، لەهەمان کاتدا هەبوونی ڕێژەی زۆریی زانکۆ لە کوردستان بە کارێکی باش نازانێت، ئەو بۆچوونانەشی لەگەڵ هەریەکە لە بەشداربووانی **سێیەم و چوارەم** هاوڕایە کە دەڵێن ڕێژەی زۆریی قوتابی و زانکۆ بەم حەجمە زۆرە پێویست نەبوو، لەگەڵ ئەمەشدا دەڵێن پێویستە لە زانکۆ پلانی خوێندن نوێ بێت و پسپۆڕیش فێری قوتابییان بکرێت و پاڵپشتی بە چالاککردنی یاسای سنووردارکردنی قوتابیی زانکۆیی و پەیمانگە پیشەییەکان.

بوونی زانکۆی زۆر و بێپلانی لە هەبوونی زانکۆ لە بری گەشەسەندن و پێشکەوتن لە کۆمەڵگە، دواکەوتوویی و مانەوە لە دۆخی جاران پێشکەش بەم کۆمەڵگەیە دەکات **(بەکر:٢٠١٩).** هەروەها بەشداربووی **شەشەمیش** هەمان بۆچوونی بەشداربووانی **سێیەم و چوارەمی** هەیە لەوەی زانکۆ ڕۆڵی لە بێئیشکردنی قوتابی و تاکەکان هەیە، دواتریش بەشداربووی **نۆزدەم** و شارەزا لە بواری ئابووری لە باسی کاریگەریی زانکۆ لە ڕووە ئابوورییەکەیەوە لە کۆمەڵگە پشتڕاستی قسەکانیان دەکاتەوە و دەڵێت پێویستە زانکۆ بە پلانەوە کارەکانی ڕاییبکات تا لە دواتردا تاکێکی بەرهەمدار بۆ خۆی و کۆمەڵگەکەی بەرهەمبێت و ئەم تاکە بتوانێت گۆڕان و پێشکەوتن لە کۆمەڵگە بێنێتەبوون. بەشداربووانی **سێیەم و پێنجەم** لە پاڵ هەموو هۆکارەکانی کۆمەڵگەیی و دەسەڵاتی و ئیداریی زانکۆیی لەوەی کە کەمتەرخەمن لە بەرهەمهێنانی تاکێکی بەرهەمدار بۆ کۆمەڵگە و دواتریش بێکاربوونی ئەم تاکە پاش دەرچوونی لە زانکۆ باوەڕیان وایە بەشێکی زۆری ئەم خەتایەش لە ئەستۆی ئەم تاکە یاخود قوتابییەی زانکۆیە کە وەک پێویست ئاستی هۆشیاری بەرز نییە، بۆ نموونە دەڵێن تۆ کە دەزانی ئەم بەشەی تۆ تیایدا دەخوێنی دواڕۆژی نییە و بێکاردەبی بۆ دەچی ئەم بەشە دەخوێنی؟ دواتریش کە دەردەچی دەبینین لە پسپۆڕی خۆی کاری دەستناکەوێت، ئەمە پەیوەندی بە ئاستی هۆشیاریی تاکەکانەوە لە کۆمەڵگە هەیە نەوەک بە تەنها خەتای زانکۆ، بەڵام دەبێت ئەمەشمان بیرنەچێت، بەشداربووان و بیرکردنەوەکانیان بە پێی جۆری کەسەکان و پیشەکانیشیان دەگۆڕدرێت.

**تەوەرەی ئابووری** تەوەرەیەکی بەرفراوانە، کاریگەریی ئەم تەوەرەیە چ لە باری پێشکەوتن و چ لە باری دواکەوتن لەسەر سەرجەمی تەوەرەکانی تر ڕەنگدانەوەی دەبێت، لە چوارچێوەی ئەم تەوەرەیە تەوەرەی **خوێندنی ئێواران وەک میکانیزمیک بۆ گەشەپێدانی مرۆیی**

کاریگەری لە سەر گەشەپێدانی ناوچەیی لە تەواوی بوارەکان لە کۆمەڵگەدا دەبیت، ئەم تەوەرەیە ڕەگ و ڕیشەی ئابووری لە کۆمەڵگەدا هەیە، هەر بۆیە لە چوارچێوەی ئابووریدا باسیدەکەین.

## تەوەری دووەم/ گەشەپیدانی مرۆیی، خوێندنی ئێواران وەک میکانیزمیک بۆ گەشەپێندانی مرۆیی

بۆ یەکەمجار لە هەرێمی کوردستان خوێندنی تایبەت و بەشی ئێوارانی لە ڕێگەی کرانەوەی زانکۆی تایبەتی نەورۆز لە دهۆک لە بەرواری ٢٠٠٤/٧/٢٠ بوو. ئەمە لە کاتێکدا حکومەتی هەرێمی کوردستان بە فەرمی و بە ژمارە یاسای (٣٣)ی ساڵی ٢٠٠٤ لە ماددەی (٤٨) ڕێگە بە کرانەوەی خوێندن و دامەزراندنی زانکۆی تایبەت لە هەرێمی کوردستان درا، دواتریش زانکۆی جیهان لە پلەی دووەمی زانکۆ تایبەتەکان لە کوردستان دێت کە بڕیاری دامەزراندنی لە ٢٠٠٧ وە دەرچوو، بەدوایاندا زانکۆکانی تری وەک بەیان و ئیشک و زانکۆی ئەمریکی و چەندانی تر هاتن، باوەڕوایە ئەم شێوازی خوێندنەش لە زانکۆ تایبەتەکان زیاتر خزمەتی زانست و چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە بکات و هاوکات هەلی کاری زیاتریش بە بەراوردی زانکۆ حکومییەکان دابینبکات (**علی،٢٠١٦: ٣٥-٤٠**). بێگومان ئەم زانکۆ تایبەتانە لە هەرێمی کوردستان هەر دوو بەشی ئێواران و بەیانیان هەبوون، دوای زانکۆ تایبەتەکانیش ڕێگە بە چەندین زانکۆی تری تایبەت درا تا کرانەوەی بەشی خوێندنی ئێواران لە زانکۆ حکومییەکان لە هەرێمی کوردستان. زۆرجار لە کاتی درێژەدان بە خوێندن لە لایەن خوێندکارەوە، کێشە بۆ خودی خوێندکار دروستدەبێت بە تایبەتی لە خوێندن لە زانکۆ حکومییەکان بە هۆکاری کۆنمرە، بەڵام خوێندنی ئێواران و زانکۆ تایبەتەکان ئەم فەراغە پڕدەکەنەوە و دەرفەت بە خوێندکارەکە دەدەن توانا کەسییەکانی لە ڕێگەی ئەم خوێندنە پەرەپێبدات (**ڕەسول:٢٠١٨**).

سەبارەت بە خوێندنی ئێواران لە زانکۆی سۆران تا ئاستێکی باش خوێندنی ئێواران لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتی هاوشێوەی خوێندنی بەیانیانە، زانکۆی سۆران بۆ خۆی مێژوویەکی نوێی دروستبوونی هەیە، واتە زانکۆیەکی کۆن نییە، خوێندنی ئێوارانیشی دووبارە نوێیە و کرانەوەی بەشی خوێندنی ئێوارانیش لە زانکۆی سۆران بە شێوەیەکی فراوان و ڕەسمی لە ساڵی ٢٠١٦/٢٠١٥ وە بوو، کاتێک بڕیار لەسەر کرانەوەی سەرجەمی بەشە زانستی و کۆمەڵایەتییەکان لە خوێندنی ئێواران درا، **(سایتی زانکۆی سۆران:٢٠٢٢).**

**خوێندنی ئێواران وەک میکانیزمێک بۆ گەشەپێدانی مرۆیی** ڕۆڵی لە گەشەپێدان و پێشخستنی کۆمەڵگە هەیە، ئەم جۆرە لە خوێندن هاوشێوەی خوێندنی بەیانیانە لە زانکۆ، بەڵام بەشداربووان بۆچوونی جیاوازیان سەبارەت بەم جۆرەی خوێندنە لە کۆمەڵگە هەیە، بۆ نموونە بەشداربووی **سێیەم** باوەڕی وایە خوێندنی ئیواران دەرفەتێکی باشی بۆ فێرخوازانی دابڕاو لە خوێندن یان ئەوانەی حەزی خوێندنیان هەیە ڕەخساندووە، کە بێگومان ئەمەش کاریگەریی لەسەر پێشکەوتنی کۆمەڵگە دەبێت، هەروەها کواڵیتیی خوێندن لە بەیانیان و ئێواران بە نزیک یەک دادەنێت و جیاوازی وەهایان لە نێواندا نابینیت هەروەکو دەڵێت" ***ئەمن پێموایە خوێندنی ئێواران توانی دەرفەتێکی باش بڕەخسێنی بۆ خەڵکی ئەو ناوچەیە چونکە خەڵکەک هەبوو هەروەکو خۆت گوتت دابڕابوو لە خوێندن فورسەتی خوێندنی لە بۆ نەڕەخسابوو یان لە ڕووی تەمەنەوە تەمەنی ڕۆیشتبووە سەرێ ئاسان نەبوو لە بەیانیان درێژە بە خوێندنی خۆی بدات و ئاسانیش نەبوو بڕواتە شارێکی دوورەدەستی وەکو هەولێر کە بۆ ئێمە وەکو مەنتیقەی چۆمان و مێرگەسۆر و باڵەکایەتی بە گشتی ئاسان نەبوو خەڵکەکەی بڕواتە هەولێر و درێژە بە خوێندن بدات و هاتووچۆ بکات"،*** بەشداربووی **دوانزەم** و دابڕاو لە خوێندن پاڵپشتی بۆچوونەکانی ئەم بەشداربووە دەکات و دەڵێت بە هاتنی زانکۆی سۆران من توانیم درێژە بە کاروانی

زانستیم بدەم، دەنا زۆر بەزەحمەت دەمتوانی بخوێنمەوە وەک چۆن دەڵێت" ***من سەرەتا مەڵبەندی مامۆستایانم تەواو کرد لەبەر چەند هۆکارەک نەمتوانی درێژە بە خوێندنی زانکۆیی و بەکالۆریۆس بدیم تا ساڵانێکی زۆر وا مامەوە، بەڵام دواتر و دوای هاتنی زانکۆی سۆران بە تایبەتی تریش خوێندنی ئێواران هەلی باشی بۆ من و زۆرێک لە فێرخوازان ڕەخساند تا درێژە بە خوێندن بدەین"***. هەروەها بەشداربووانی **چوارەم و پێنجەمیش** هاوڕانە لەگەڵ ئەم بەشداربووە بەوەی خوێندنی ئێواران هەلی باشی بۆ ئەوانە کە لە خوێندن دابڕاون ڕەخساندووە، بەشداربووی **چوارەم** دەڵێت لە ڕووی کوالیتیشەوە خوێندنی ئێواران هەمان کوالیتی خوێندنی بەیانیانە جگە لە کەمیی کاتەکەی وەک لە بەیانیان هەروەکو دەڵێت" ***من وەکو بەشی خۆم کە ئینگلیزییە و من سەرۆک بەشم تیایدا هیچ جیاوازیەک ناکەم و ناشبینم لە نێوان خوێندنی بەیانیان و ئێواران لە ڕووی کوالیتی خوێندنەوە بەڵام بۆ نموونە لە ڕێنمایی وەزارەت سەبارەت بە کاتی ئێواران و کەمکردنەوەی کاتی وانەکان لە مانگی ڕەمەزان ئەوە جێبەجێکرا"***, بگرە ئەم بەشداربووە خوێندنی ئێواران بە باشتر و بەرزتر لە خوێندنی بەیانیان دەزانێت چونکە دەڵێت خوێندکاری ئێواران بە گشتی زیرەکتر و هۆشیارترن لە خوێندکاری خوێندنی بەیانیان ئەمەش هاوڕایە لەگەڵ بۆچوونی بەشداربووی **دووەم**، بەشداربووی **چوارەم** تاکە خاڵی لاوازی ئێوارن بۆ نزمیی نمرەی وانەیەک بە نموونە ئینگلیزی بۆ بەشی ئینگلیزی دەگەڕێنێتەوە، واتە پێیوایە ناکرێت قوتابییەک با کۆنمرەشی بەرزبێت لە هەمان کاتدا بێتە بەشی ئینگلیزی، لە کاتێکدا نمرەی ئینگلیزی نزمە، بەڵکو بە پێچەوانەوە با نمرەی ئینگلیزی بەرزبێت کۆنمرەکەی چەندێکە کێشە نییە، خەتایەکەش بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا و زانکۆ و لایەنی پەیوەندیدار دەگەڕێنێتەوە، ئەمە لە کاتێکدایە بەشداربووانی **یەکەم و شەشەم** پێچەوانەی ئەمان بیردەکەنەوە و باوەڕیان وایە خوێندنی ئێواران بە هیچ شێوەیەک هەمان کوالیتیی خوێندنی بەیانیانی نییە و ئاستی خوێندکارانی

ئێواران زۆر نزمترە لە هی بەیانیان، بۆ نموونە بەشداربووی **یەکەم** دەڵێت" ***بتەوێ و نەتەوێ ئێستا کوالێتیی خوێندنی بەیانیان و ئێواران وەکو یەک نییە، ئێواران وایلێهاتیە بەڕێکردنە خەڵک کە دێتە ئێواران بە مەبەستی زیاتر شەهادەیە نەک فێربوون دەبینی پسپۆڕییەکەی بیرکارییە بەڵام لەبەر ئەوەی بیرکاری زەحمەتە دەچیتە کوردی یان دەچێتە مێژوو و زانستە کۆمەڵایەتییەکان"،*** هەروەها بەشداربووی **شەشەمیش** دەڵێت" ***بەهیچ شێوەیەک خوێندنی ئێواران و بەیانیان هەمان کوالێتی نینە و شتی وانییە، بە تایبەتی هەنە لە ئێواران کە کەسی بە توانان و هاتوونە بخوێنن بەڵام بە گشتی کوالیتییەکەی زۆر لاوازترە لە بەیانیان".***

بەشداربووی شەشەم کرانەوەی بەشی ئێواران لە زانکۆ بۆ سوودی ماددی (پارە) بۆ زانکۆ دەگەڕێنێتەوە، ئەمە لە کاتێکدایە بەشداربووی دووەم کرانەوەی خوێندنی ئێواران بۆ بڕیارەکانی حیزب و تەداخولاتی حزبی لە زانکۆ دەگەڕێنێتەوە هەروەکو دەڵێت" دووبارە ئەمەش قراراتی سیاسی و حزبییە کەوا دەکات ئەم شتانە بکرێنەوە"، دواجاریش بەشداربووی یەکەم دەڵێت خوێندنی ئێواران خزمەت بە زانست ناکات و تیایدا خوێندن تەنها بۆتە بەڕێکردن و بەدەستهێنانی شەهادەدە، هەروەک چۆن دەڵێت" من پێم وانییە خوێندنی ئێواران لە بەرژەوەندیی زانستدا بی، هەروەها دەڵێت ئێواران بە مەبەستی زیاتر شەهادەیە نەک فێربوون".

لە چوارچێوەی خوێندنی ئێواران وەک میکانیزمیک بۆ گەشەپێندانی مرۆیی، گەشەپێدانی مرۆیی پێناسە دەکرێت بە "پرۆسەی بڵندکردنەوەی ئاستی مرۆڤ و پەرپێدانی، بە جۆرێک بۆ کەموکوڕی و نەنگییەکانی پڕکردنەوەی پێداویستییە سەرەتاییەکانی مرۆڤ، دەستی مرۆڤ ئازاد و ئاوەڵا بکات، بە جۆرێک زاڵبێت بەسەر کاری بوونەوەرانی دیکەدا، بەو پێیە هێندە بەرهەمبهێنێ زیاتر بێت لە پڕکردنەوەی

پێداویستییەکانی". هەروەها ڕۆڵی زانکۆ و ناوەندە پەروەردەییەکان لە گرنگیدان بە توانا مرۆیەکان بەرزدەنرخێنێت (ناصر،٢٠١٣: ١٧٤ و ١٨٧).

**خوێندنی ئێواران وەک میکانیزمیک بۆ گەشەپێدانی مرۆیی لە زانکۆی سۆران** بەپێی سەنتەرەکانی زانکۆ بۆ پەرەپێدانی مرۆیی و دەرچووانی زانکۆ بە هەردووک جۆری خوێندنی ئێواران و بەیانیان و ڕوانگەی خوێندنی باڵا و پێگەیاندنی مامۆستای ناوچەیی پێوەردەکرێن، بەرنامەی تواناسازیی حکومەت و هاندان وەک دەستکەوتی زانکۆی سۆران بە گشتی و دواتریش کردنەوەی خوێندنی باڵا ڕۆڵی باڵایان لە ڕوانگەی گەشەپێدانی مرۆیی لە زانکۆی سۆران بە تایبەتی و شارۆچکەی سۆران بە گشتی هەبووە، کە بێگومان لە سەرەتای تواناسازی، خوێندکارانی خوێندنی بەیانیان بوون، لە بەرنامەی تواناسازی توانرا ژمارەیەکی باش لە فێرخوازان بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵا بە هەردوو جۆری ماستەر و دکتۆرا بنێردرنە وڵاتان و تەنانەت فێری کلتووری ئەم وڵاتانەش بوون و کە دواتر ئەمەش سوودی زۆری هەبوو.

**توێژەر** پێیوایە بە کردەیی ئەم فێربوونی کلتوورە لە کۆمەڵگەی خۆمان ڕەنگدانەوەی هەبووە، کرانەوەی خوێندنی باڵا بە تایبەتی لە ٢٠١٣ لە زانکۆی سۆران خزمەتێکی یەکجار مەزنی بە شاری سۆران و مەجالی گەشەپێدانی مرۆیی لەو شارە کرد، ئەمەش لە ڕێگەی ئەوەی کە ئیتر فەرمانبەران و خەڵکی سۆران و دەوروبەری سۆران توانیان خوێندنی باڵا تەواوبکەن و لە زانکۆی سۆران و دواتریش ببنە مامۆستا، جا کرانەوەی خوێندنی باڵا دەرگای بۆ خوێندکار لە هەردووک جۆری خوێندنی بەیانیان و خوێندنی ئێواران واڵاکرد، لە کاتێکدا پێشتر زانکۆی سۆران بە تایبەتی لە سەرەتای دامەزراندنیەوە بە دەست کەمیی مامۆستا لە پسپۆڕییە جیاوازەکانی خوێندنی زانکۆیەوە دەیناڵاند، بەڵام دوای کرانەوەی خوێندنی باڵا ئیتر ئەمە هەنگاوێکی مەزن بوو لەوەی کە زانکۆی سۆران تا ئاستێکی

باش پشت بە مامۆستا و کادری خۆی ببەستێت نەوەک مامۆستا و پسپۆڕییە جیاوازەکان لە دەرەوە بهێنێت، هەرچەندە ئێستاش مامۆستای دەرەکی و گرێبەست لە زانکۆی سۆران هەن، بەڵام بە بەراوردی پێشتر ڕێژەکەیان زۆر کەمترە. بە پێی ئاماری ساڵی ٢٠١٣ ی زانکۆی سۆران تا ئەو کات ٩٢ و بڕوانامەی ماستەر و ١٦ بڕوانامەی دکتۆرا لە زانکۆی سۆران بەخشراون، هەروەها ٥٣ قوتابیی ماستەر و ٨٣ قوتابیی دکتۆراش ئێستا سەرقاڵی خوێندنن، کە بێگومان ئەمە دەستکەوتێکی مەزنە بۆ زانکۆی سۆران (**مستەفا،٢٠١٩: ٦٦-٧٤**).

هەرچی ژمارەی دەرچوانی زانکۆی سۆرانن، بەپێی ئاماری سایتی زانکۆی سۆران تا ئێستا 5879 قوتابی لە دە خولی دەرچووندا ئاهەنگی دەرچوونیان لە زانکۆی سۆران گێڕاوە.

هەر تەوەرەی خوێندنی ئێواران وەک میکانیزمێک بۆ گەشەپێدانی مرۆیی، هەریەکە لە: سەنتەرەکانی **هەندرێن و پێرسن و کلاد و ئای سی دی ئێڵ و سەنتەری گەشەپێدانی کار و دەستنووسخانە و دواجار سەنتەری جێندەر** ڕۆڵیان لە گەشەپێدانی مرۆیی و هۆشیاریی خودی لە کۆمەڵگەدا هەیە، جا ئەم سەنتەرانە بۆ خوێندنی ئێواران و بەیانیانیش کارەکانیان ڕاستن و هاوشێوەن، بۆ نموونە سەنتەری کلاد و پێرسن کارەکانیان لە چوارچێوەی فێرکاریی زمان بە نموونە زمانی ئینگلیزی دەخولێنەوە، تیایدا خوێندکار پەرە بە فێربوونی و بەدەستهێنانی بڕوانامەی زمان لەم سەنتەرانە پێدەدرێت، کە خوێندکار دواتر کاری بەم جۆرە بڕوانامەیە دەبێت بە تایبەتی لە لایەنی وەرگرتنی ڤیزای وڵاتان بۆ هەر مەبەستێک بە گشتی و بواری خوێندن بە تایبەتی، هەروەها سەنتەری هەندرێن بۆ فێربوونی زمان و کلتووری کوردی و هەوڵی فێرکاری بۆ توێژینەوەکردن و هەڵەچنیی زمانی کوردی و وەرگێڕان دەدات، ئەم سەنتەرە خەڵکی بیانی و دیبلۆماتکارانی بیانی و قونسولیەکان

و مامۆستایانی بیانی وەردەگرێت و فێریان دەکات و دواتریش بڕوانامەیان پێدەدات، هەرچی سەنتەری ئای سی دی ئێڵە ئەویش کارەکانی پەرەدانە بە فێربوون و پرۆگرامەکانی کۆمپیوتەری بۆ خوێندکار، پاشان سەنتەری جێندەر لە زانکۆی سۆران هەیە، کارە سەرەکییەکانی ئەم سەنتەرەش هەوڵدانە بۆ برەودان بە گەشەپێدان و فراوانکردنی بیرکردنەوەی تاکەکان سەبارەت بە یەکسانیی جێندەری لە نێوان پیاوان و ژناندا، دواجاریش سەنتەری گەشەپێدانی کار دێت بە جۆرێک ئەم سەنتەرە کار بۆ برەودان بە توانا کەسییەکان و بەهرەکانیان دەکات تا بتوانن لە داهات و تاکێکی سەرکەوتوو و خاوەنکار و پیشەیەک تایبەت بەخۆیان بن، جا ئەم سەنتەرە پرد لە نێوان کەرتی گشتی و تایبەتی بە مەبەستی دۆزینەوەی هەلی کار بۆ تاکەکان دروستدەکات، لەم نێوەندەشدا زانکۆی سۆران لە هەوڵی ئەوەدایە دوای دەرچوونی خوێندکارانیش لە زانکۆ لە پەیوەندیدا بێت لەگەڵیان، کە ئەمەش شێوازێکی نوێ و گرنگە لە گرنگیدانی بەردەوام بە گەشەپێدانی مرۆیی بە گشتی **(سایتی زانکۆی سۆران:٢٠٢٢).**

به بڕوای **توێژەر** ناوەندە پەروەردەییەکان بە گشتی و زانکۆ بە تایبەتی بە هەردووک جۆری خوێندنی بەیانیان و ئێوارانیەوە وەک دەزگایەکی ئەکادیمی و زانستی ڕۆڵیان لە هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە و گۆڕینی دۆخی کۆمەڵگە هەیە، ئەم ناوەندانە فێربوون و خودهۆشیاری بۆ تاکەکان پراکتیزەدەکەن، هەوڵدەدەن سات لە دوای سات گەشە بە توانا کەسییەکانیان بدەن، تا بتوانن ڕووبەڕووی کێشە کۆمەڵایەتییەکان بوەستنەوە و گۆڕان لە ژیان دروستبکەن. هەموو زانست و فێربوونێکیش لە هەر ناوەند و جێگایەکەوە بێت پێویستی بە هەوڵ و ماندووبوونی خودی تاکەکەشەوە هەیە، تاک ڕۆڵی گرنگی لە برەودان بە توانا کەسییەکانی هەیە، ڕاهێنانی زیاتر و سات لە دوای سات خودماندووکردنی زیاتر ئەوە بەرهەمی باشتر خۆی دەدات بەدەستەوە،

بەمەش کێشەکانی کۆمەڵگە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لەسەر دەستی ئەم تاکە چالاکە ڕووەو نەمان یاخود چارەسەربوون هەنگاو دەنێن **(رابینز،٢٠٠٦:٣٤٦)**.

گەشەپێدانی مرۆیی لەسەر دەستی زانکۆی سۆران بە تەنها بە گەشەپێدان بە قوتابییان و چارەسەرکردنی کێشەکانیان لە ناو حەرەمی زانکۆ نەوەستاوە، بەڵکو کارەکانیان گەیشتۆتە ئاستی ئەوەی لە دەرەوەی زانکۆش گرنگی بە خەڵکی سۆران بە گشتی بدرێت و هاوکارییبکرێن، بەتایبەتی لە لایەنی هەبوونی گرفتی دەروونی، بۆ نموونە لە فاکەڵتیی ئاداب سەنتەری هاریکاری و بایەخپێدانی جیاواز بە قوتابییان هەیە، ئەم سەنتەرە کارەکانی لە ناو زانکۆ و دەرەوەی زانکۆشە، جگە لەم سەنتەرەش سیستەمی (Tutor) یش لە زانکۆ هەیە، بە پێی ئەم سیستەمە مامۆستا ناوەناوە خوێندکارەکەی لە ڕەوشی تەندروستی و خوێندن و ژیانی بەسەر دەکاتەوە **(مستەفا،٢٠١٩: ١٠٥-١٠٦)**. کەواتە خوێندنی ئێواران توانی دەرفەتێکی باش بۆ فێرخوازان بە گشتی بڕەخسێنیت، خوێندکاری وا هەبوونە بە هەر هۆکارێک لە خوێندن دابڕابوون، یاخود ئەم خوێندکارانە خاوەن پیشە و کاسبییەک بوونە نەیانتوانیوە لە خوێندنی بەیانیان درێژە بە خوێندن و توانا کەسییەکانیان بدەن، یان بۆ ئەو کەسانەی پەیمانگاکانیان تەواوکردبوو چانسی باشیان بۆ ڕەخسا بۆ درێژەدان بە کاروانی زانستییان و بەرزکردنەوەی بڕوانامەکانیان لە دیبلۆمەوە بۆ بەکالۆریۆس و ماستەر و تەنانەت دکتۆرا و پڕۆفیسۆرایەتیش. ئەمە جگە لە برەودان بە توانا کەسییەکانیان و فراوانکردنی ئاسۆی بینینیان بەرانبەر ژیان و گەشەپێدانی خودییان بە گشتی.

## ئەنجامی توێژینەوە

ئەنجامی توێژینەوەکردن لەسەر ڕۆڵی زانکۆ لە گەشەپێدانی ناوچەییدا، لە ڕێگەی پرسیاری سەرەکیی توێژینەوە کە بریتی بوو لە **ئایا زانکۆ چۆن ڕۆڵی لە بوارەکانی ئابووری و کلتووری و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و شێوە ژیانی خەڵکی و گەشەپێدانی مرۆیی لە شاری سۆران هەبووە؟** هەروەها لە ڕێگەی داتا ئامارییەکانی هەریەکە لە بەڕێوەبەرایەتیی گەشتوگوزاری سۆران و شارەوانی و بەڕێوەبەرایەتیی ئەندازە و پڕۆژەکانی زانکۆی سۆران و شیکردنەوەی بەشداربووان لە ڕێگەی چاوپێکەوتن لەگەڵیان، لە پاڵ ئەوەشدا ئێمە لێرەدا تەنها لایەنی ئابووری و خوێندنی ئێواران وەک میکانیزمێک بۆ گەشەپێدانی مرۆیی و هۆشیاریی تاک و لایەنی زاستیمان ڕوونکردۆتەوە، دواجار ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە زانکۆی سۆران پێش دامەزراندنی تەنها چەند بەشێکی کەمی وەک کۆلیژی یاسا و زمان و پەروەردەی هەبوونە و ئەمانیش لە ڕووی دەسەڵاتی ئیدارییەوە سەربە زانکۆی سەلاحەدین بوونە، بۆیە لە ڕووی ئیداری و ئازادیی کارکردن و هەلی کار و گەشەسەندنی ناوچەیی و کاتیشەوە بۆ خوێندکارانی سۆران و تەنانەت خەڵکەکەشی جێگای دڵخۆشی نەبووە، بەڵام دواتر کە زانکۆی سۆران لە ٢٠٠٩ دادەمەزرێت، ئیتر ئەم دەڤەرە بەرگێکی تر و شێوەیەکی تری ژیانکردن تیایدا وەردەگرێت.

ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە بەسەر دوو باڵدا دابەشدەبێت: باڵی یەکەم و کەمینە ڕێژە باس لە خاڵە نەرێنییەکانی زانکۆ و نەبوونی ڕۆڵی زانکۆی سۆران لە ڕووی گەشەپێدان و گەشەسەندنەوە لە کۆمەڵگە دەکات، **ئەنجامگیریی** ئەم باڵە ئەویە زانکۆی سۆران وەک پێویست ڕۆڵی لە بوژانەوە و گەشەسەندنی ناوچەیی نەبووە، بەڵکو هەر دامەزراوەیەکی تریش لە شوێنی زانکۆ با بە نموونە ناوەندە بازاڕێک یان مۆڵ و

کۆمپانیایەک هەمان کاریگەریی دەبوو، هەروەها پێنەگەیاندنی کادر و پسپۆڕیی جیاواز لە بوارەکان لەسەر دەستی زانکۆ و نەڕەخساندنی هەلی کار بۆ دەرچووان و بێپلانیی زانکۆ و لایەنی دەسەلاتدار لە کارنامەی خوێندن و وەرگرتنی ڕێژەی زۆریی خوێندکار و نەبوونی فلتەر لە پۆلی شەشی ئامادەیی و پەیڕەونەکردنی بەرنامە سەردەمییەکانی جیهانی خوێندن لە دیارترین تایبەتمەندییەکانی خوێندنی زانکۆیی لە دید و بۆچوونی باڵی یەکەمن. هەرچی **ئەنجامگیریی** باڵی دووەم و زۆرینە ڕێژە و یەکلاکەرەوەی ئەم توێژینەوەیەن، ئەوە دەخاتەڕوو زانکۆی سۆران سەرەڕای بوونی کەموکوڕتیی زۆریش تیایدا، بەڵام دواجار خزمەتێکی یەکجار مەزنی بە سۆران و خەڵکەکەی کردووە، بە گشتی زانکۆی سۆران لە لایەنی ئابووریەوە هەلی کاری بۆ زۆرێک لە خەڵکی سۆران و دەرچووانی زانکۆ و کاسبکارانی ئاسایی دەستەبەر کردووە، بە هۆکاری زانکۆ بواری ژینگەیی و پاک و خاوێنی گرنگی زیاتریان پێدراوە، جادە و کوچە و کۆڵانەکان خزمەتگوزاریی زیاتریان بۆ کراوە، بازاڕ بە گشتی جۆرەک لە جموجۆڵی بازرگانی و گەشەسەندنی بە خۆیەوە بینیوە، چونکە لە زانکۆ پسپۆڕیی جیاواز فێری تاک دەکرێت و دواجاریش ئەم دەرچووانە توانای دروستکردنی گۆڕانی کۆمەڵایەتییان لە کۆمەڵگە دەبیت و ئەم کۆمەڵگەیە بەرەوپێشدەبەن، هەروەها زانکۆی سۆران تا ئاستێکی باش توانیویەتی جیاوازییە جێندەرییەکان کەمبکاتەوە و هەلی زیاتر بۆ ژنان برەخسێنێت، لە هەمان کاتدا زانکۆ یارمەتیدەرێکی باشی کاڵکردنەوەی وردە کلتووری ناوچەگەری و شێوەزارە جیاوازەکان و بیری نەریتی لە کۆمەڵگە بووە، هەروەها لەسەر دەستی زانکۆ کۆمەڵگە بە گشتی و تاکی زانکۆی بە تایبەتی خودهۆشیارییەکەی زۆر چۆتە سەر و بەرانبەر بە جیهانی دەرەوەش بەئاگابووە، دواجاریش زانکۆ توانیویەتی لە ڕێگەی کارنامەکانی گەشەپێدانی مرۆیی و سەنتەرەکانی خۆی بۆ گەشەپێدان و ڕاهێنانی بەردەوام و دەرچواندنی ساڵانەی ژمارەیەکی زۆری خوێندکار، شوێنپەنجەی دیاربێت و ڕۆڵی گرنگ لە

هۆشیارکردنەوەی تاکی و پێگەیاندنی زیاتری تاکەکان لە کۆمەڵگە ببینێت، خوێندنی ئێواران و کردنەوەی خوێندنی باڵاش دوو لەو هۆکارانەی پێشوەچوونی زانکۆی سۆران و کۆمەڵگەکەین و لە هەمان کاتدا گەشەپێدانی مرۆیی و گەشەسەندنی زیاتری کۆمەڵگەکەشن، بە جۆرێک خوێندنی ئێواران توانی گەشەپێدانی مرۆیی و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و ڕەخساندنی دووبارەی هەلی خوێندن بۆ زۆرێک لە تاکەکانی کۆمەڵگە دەستەبەربکات، هەرچی خوێندنی باڵاشە لە زانکۆی سۆران وایکرد ڕێژەی مامۆستای ناوچەیی زیادبێت و کەمتر پشت بە مامۆستای دەرەکی ببەسترێت و ئاستی زانستی و گەشەپێدانی تاکەکانیش بەرزبێتەوە.

**هەرچی بۆچوونە تیۆرییەکانیشن** لەسەر ئەم توێژینەوەیە، پاڵپشتی ئەم ئەنجامانە دەکەن بەوەی کۆمەڵگەکان ڕووەو گۆڕان و پێشوەچوون یاخود مانەوە لە دۆخی جاران و دواکەوتووی دەبنەوە، بۆ نموونە تیۆری نوێبونەوە (modernization theory) باس لە گۆڕان و گەشەسەندنی کۆمەڵگەکان دەکات کە چۆن لە کۆمەڵگەی نەریتییەوە بۆ کۆمەڵگەی مۆدێرن هەنگاودەنێن، ئەم تیۆریە هاودەنگی ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە، هەروەکو دەبینین پێش دامەزراندنی زانکۆی سۆران جۆرەک لە دواکەوتویوی کۆمەڵگە هەبووە، بەڵام دواتر بە هۆکارگەلی زۆر و زانکۆش وەک بەرهەمی مۆدێرنیتە، کۆمەڵگە لە سەرجەمی بوارەکان بە گشتی و بواری ئابووری و پەروەردەیی بە تایبەتی گۆڕانی یەکجار مەزنی بە خۆیەوە بینیوە، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە بە کردەوە شاری سۆران لە کۆمەڵگەیەکی نەریتی ڕووەو کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن و سەردەمی هەنگاوی ناوە. هەرچی بۆچوونەکانی تیۆری وابەستەیشە (Dependency Theory) لەم توێژینەوەیەدا ڕەنگدانەوەی زۆری هەیە، بنەمای سەرەکیی ئەم تیۆریە باس لە ئازادی و سەربەخۆیی دەکات، تەوەرەی زانکۆی سۆران و سەربەخۆیی ئەم زانکۆیە لە بەشەکانی تر

باسی لێوە دەکرێت، بەڵام ئەم توێژینەوەیە دەریدەخات بۆ داهێنان و بەرەوپێشوەچوونی کۆمەڵگەکان و هاتنەئارای گۆڕانی کۆمەڵایەتی تیایاندا، پێویستە زانکۆ و دامەزراوە و نەتەوەکان بە گشتی سەربەخۆیی خۆیان و بڕیاری مافی چارەنووسی خۆیان بەدەستەوە بێت، نەک ببن بە پاشکۆی دەوڵەتان و لایەن و حزبێک.

سەبارەت بە بۆچوونەکانی **توێژەر** و ئەنجامی توێژینەوە، توێژەر باوەڕی وایە زانکۆی سۆران سەرەڕای بوونی خاڵی نەرێنی، بەڵام دواجار خزمەتێکی زۆری بە شاری سۆران و دەوروبەری کردووە، کۆمەڵگەی سۆران پێش هاتنی زانکۆ جۆرەک لە بیرکردنەوەی عەشایری و ناوچەگەری تیادا زاڵبوو، تاکەکان وەک پێویست ڕۆشنبیر و بەئاگانەبوون، بوژانەوە و پێشکەوتن و خزمەتگوزارییەکان و هەلی کار وەک پێویست نەبوون، هەرچی کادیر و مامۆستای زانکۆشە ژمارەیان کەمبوو، بەڵام بە هاتنی زانکۆی سۆران ئیتر هەموو ئەمانە گۆڕانیان بەسەردادێت و شاری سۆران گۆڕانی کۆمەڵایەتیی زۆری بەسەردادێت، گەربێت و لێکدانەوەیەک بکەین بۆ ئەم ئەنجام و بۆچوونانە، بۆ نموونە لە لایەنی ئابووری تۆ وەرە بەراوردی بکە پێش هاتنی زانکۆی سۆران چەند فەرمانبەر و مامۆستا و خوێندکار هەبوون؟ ژمارەی بینایە و فاکەڵتی و بەشە زانستییەکان چەند بوون؟ بێگومان پێش زانکۆی سۆران ئەمانە دەتوانین بڵێین لە شوێنی نەبوون بوون ئەوندە کەمبوون، بەڵام دوای هاتنی زانکۆی سۆران هەموو ئەمانە ژمارەیان زۆربوون و بازاڕ و دووکانەکان بە گشتی جووڵەی کڕین و فرۆشتنیان تێدا دروستبوو.

خوێندکار و مامۆستا لە بەشەنێوخۆییەکان ڕۆژانە پێویستییان بە کەلوپەل و خواردەمەنییەکان دەبێت کە ژمارەیان یەکجار زۆرە، زانکۆی سۆران نزیک بە ۷۰۰۰ خوێنکاری بۆ ئەم ساڵ هەبوو، بەشی زۆریان لە بەشەنێوخۆییەکان دەمێننەوە، ئەمان ناچارن بڕۆن بۆ سەرتاشخانە،

یاخود بچنە دووکانی جل و بەرگ و خۆیان پۆشتە بکەن، هەروەها خوێندکار زۆر جار بۆ چێشتخانەکان و سەیرانگا و یاریگاکان دەڕوات، ئێ هەموو ئەمانە بە پارە دەکرێن، کەواتە ئەم جووڵەی بازاڕە بە هۆکاری زانکۆی سۆرانن. لە لایەکیترەوە، خەڵک هەیە بژێویی ژیانی بە زانکۆی سۆرانەوە پەیوەستە، بۆ نموونە خاوەن تەکسییەکان و خزمەتگوزار و ژینگەپارێزەکان، بەشێکی زۆری ئەمانە لە زانکۆی سۆران و دەوروبەری زانکۆن، تەکسی هەیە دوو خێزان بژێوی ژیانیان لەسەر دابیندەبێت کە بێگومان ئەم تەکسییە لە پێش دەرگای زانکۆ کاردەکات و هاتوچۆ بە خوێندکار دەکات.

ئەی ئەگەر بێت و لە شوێنی زانکۆ مۆڵێک یان کۆمپانیایەک هەبایە چی؟ ژمارەی ئەو کەسانەی لە کۆمپانیایەک یان ناوەندەبازاڕ و مۆڵێک کار دەکەن چەند دەبوون؟ بێگومان ژمارەیان لە پەنجەی دەست ڕەنگە تێپەڕی نەکردبا، بۆیە جووڵەی بازاڕ بە کاریگەریی زانکۆی سۆران و ژمارەی زۆری مامۆستا و خوینکاری زانکۆ بە ژمارە و کاریگەریی مۆڵێک یان کۆمپانیایەک بەراورد ناکرێت.

## لیستی سەرچاوەکان


- حەسۆ، د.طاهر(٢٠١٢). *تیۆری هاوچەرخ لە کۆمەڵناسیدا*. چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆشنبیری.

- رابینز، ئانتوونی(٢٠٠٦). *سەرکەوتنی بێ سنوور لە ٢٠ ڕۆژدا*. و: حەسەن هاموون. چاپی یەکەم، هەرێمی کوردستان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

- راشید، د.علی(٢٠١٢). *زانکۆ و فێرکردنی زانکۆیی*. و: د.یەحیا عومەر ڕێشاوی. چاپی یەکەم، هەرێمی کوردستان، چاپخانەی شڤان.

- سیوەیلی، ڕێبوار(٢٠٠٦). *زانکۆ لە مۆدێلەوە بۆ واقیع*. چاپی یەکەم، هەولێر، چاپ و بڵاوکردنەوەی دەزگای گەنجان.

- مستەفا، د.موسڵح(٢٠١٩). *زانکۆی سۆران لە نەبوونەوە بۆ پێشەنگبوون*. چاپی یەکەم، سۆران، چاپەمەنیەکانی زانکۆی سۆران.

- مێهرئارا، زادەگان و فەر(٢٠٠٥). *مێژووی پەروەردە و فێرکردن لە ڕۆژگاری کۆنەوە تا ڕێنێسانس*. و: قادر وریا. ژمارەی چاپ نییە، هەرێمی کوردستان، دەزگای چاپ تییە.

- ناصر، د.ئیبراهیم(٢٠١٣). *زانستی کۆمەڵناسی پەروەردەیی*. و: دانا نادر. چاپی یەکەم، هەرێمی کوردستان، چاپخانەی چوارچرا.

- ئەبراش، د.ئیبراهیم(٢٠١٣). *میتۆدەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسی*. و: دیدار ئەبوزێد. چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

- علی، شەرمین(٢٠١٦). *ڕۆڵی زانکۆ تایبەتەکان لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا-توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری هەولێر- زانکۆی*

*جیهان بەنموونە*. ماستەرنامە پێشکەشە بە کۆلیژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین، بەشی کۆمەڵناسی.

- وەلزی، ئیحسان(٢٠٠٧). لە نێوان ئۆتۆنۆمبوون و هەرەمەیبووندا دەربارەی زانست و زانستگا لە کوردستان. *کۆنفرانسی جیهانی بۆ خوێندنی باڵا لە عێراق*، ١١-٢٠٠٧/١٢/١٣، ١٦٧-١٨٢.

- بەکر، سامانی(٢٠١٩). بەها داڕماوەکان.{ئۆنلاین}. ڕۆژنامەی زەمەن، ٢٠٢٢/٩/٩، **لە:** https://www.zamenpress.com/Detail_wtar.aspx?jimare=1113

- ڕەسوڵ، نامق(٢٠١٨). کردنەوەی زانکۆیەکی تایبەت لە سلێمانی.{ئۆنلاین}. *ڕۆژنامەی دروو*، ٢٠٢٢/٩/١٢، لە: http:/s/www.drawmedia.net/page_detail?smart-id=1702

- زانکۆی سۆران(٢٠٢٢). سەنتەرەکانی زانکۆ{ئۆنلاین}. دواجار بینین ٢٠٢٢/٩/١٠، لە: https://www.soran.edu.iq/ku/faculties-centres/centres/gender-centre.html

- أحمد، د.رؤوف(٢٠٠٦). *تاريخ جامعة القاهرة*. قاهرة، دار النشر الألكتروني.

- صابر،خلود(٢٠٠٧). *استقلال الجامعة*. الطبعة الأولى، قاهرة، الدار الكتب المصرية.

- عبدالمؤمن، على معمر(٢٠٠٨). *مناهج البحث فى العلوم الأجتماعية*. الطبعة الأولى, ليبيا، دار الكتب الوطنية.

- نمور، نوال(٢٠١١). *كفاءة أعضاء هيئة التدريس و أثرها على جودة التعليم العالي- دراسة حالة كلية العلوم الاقتصادية و علوم التسيير*.

مذكرة مقدمة ضمن متطلبات نيل شهادة الماجستير، جامعة منتوري – قسنطينة، قصم علوم التسيير.

- Arthur and Bohlin(2005). *Citizenship and higher education*. First edition, London And New York, Library of Congress.
- Breznitz(2014). *The fountain of knowledge*, California, Stanford University Press.
- Cloete, Bailey, Pillay, Bunting and Maassen(2011). *universities and economic development in Africa*. South Africa, Centre for Higher Education Transformation (CHET).
- Giddens, Duneier and Appelbaum(2006). *Essentials of sociology*. First edition, United States of America, Library of Congress.
- Jason and GLENWICK(2016). *Handbook of methodological approaches to community-based research*. United States of America, Oxford university press.
- Kumar, Ranjit(2011). *Research methodology*. 3rd edition, United States of America, British Library Cataloguing in Publication data.
- Lane and Johnstone(2012). *Universities and colleges as Economic Drivers*. United States of America(New York), New York Press.
- MACIONS AND PLUMMER(1998). *SOCIOLOGY*. England, Library of Congress.

- Perry, wiewel(2008). *Global universities and urban development.* United States of America, Lincoln institute of land policy.

- Pike, pose and tomaney(2011). *Hand book of local and regional development*. First edition, USA and Canada, Library of Congress.

- Scott, john(2006). *Sociology the key concepts*. First edition, USA and Canada, Library of Congress.

- Turner, Bryan(2006). *The Cambridge dictionary of sociology*. United States of America, Cambridge university press.

- Geoffrey and Lucas(2008). What are universities for. *League of European research universities*. 3-17.

**ملخص الدراسة باللغة العربية**

تهدف الدراسة الى معرفة دور الجامعة في التنمية المحلية في المجال الأقتصادي، الثقافي، العلاقات الأجتماعية، نمط الحياة والتنمية البشرية في مدينة سوران. تم اعتماد المنهج المختلط. لغرض جمع البيانات تم استخدام الدراسة الأستطلاعية، المقابلة شبه المقننة والملاحظة.اضافة الى جمع البيانات الثانوية وتحليلها من قبل الباحث. أما عينة الدراسة فهي عينة غير أحتمالية بلغ حجمها (٨) فردا. من الناحية النظرية اعتمدت الدراسة على نظرية التحديث ونظرية التبعية.أظهرت نتائج الدراسة بأن لجامعة سوران دورا كبيرا في التنمية المحلية، وقد لعبت الجامعة دورا هاما في تقوية المجالات الأقتصادية وتوفير فرص العمل والأنتعاش الأقتصادي والتنمية المحلية بصورة عامة. وقد تمكنت الجامعة من تقوية العلاقات الأجتماعية بين أفراد المجتمع داخل الحرم الجامعي وخارجه، علاوة على دور الجامعة في تقوية التنمية الذاتية والتثقيف الذاتي، وتنمية المهارات والقدرات المحلية وتقليل الفجوات بين الثقافات الفرعية وتحقيق التقارب بينهم مثال ذلك البادينية والسورانية.

**Summary**

The main aim of this research is to show the role of University in local development, in the fields of: economic, culture, social relationships, the life style of people and human development in Soran city. The research has been done by the mixed method, data collection tools of secondary data, reconnaissance form, semi structured interview and Observation were used in the research, despite of these, the researcher has tried to collecting secondary data and to benefit from them, the used sample was non-probability sampling and its size is (8) persons, From the theoretical side each one of the theories of modernization and dependency theory were used in the research, The results of the research explain that the Soran University has a strong relationship with local development, and it was able to play an important role in economic strengthening, providing job opportunities for individuals, regional development and developing scientific fields in general, also Soran university was able to strengthen the social relationships inside and outside of the University, despite the university's role in strengthening education, human developing, developing teachers and local cadres, weakening subculture and traditionalist thinking, at the end reduce differences between dialects (Sorani and badini).

Key words: role, university, developing, society.